# ڕەحمەتی خودا لەسەر موسا، لەمە زیاتر ئازار درا بەڵام ئارامگر بوو

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە ڕۆژی حونەیندا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەشێکی زیاتر بەخشی بە هەندێک کەس، سەد وشتری بەخشی بە ئەقرەعی کوڕی حابیس وهەمان بڕی بەخشی بە عویەینەی کوڕی حیصن، وبە هەندێک لە کەسایەتیە ناودارەکانی عەرەبی بەخشی، لەو ڕۆژەدا بەشێکی زیاتری بە ئەوان بەخشی، پیاوێک ووتی: واللە، ئەم بەخشینە بە دادپەروەری ئەنجام نەدراوە، وبۆ ڕەزامەندی خودا نەبووە، منیش ووتم: واللە ئەم قسەیە دەڵێم بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وهاتم وپێیم ووت، ئەویش ڕەنگی دەموچاوی گۆڕا وەکو بۆیەی سووری لێهات، پاشان فەرمووی: «ئایا کێ دادپەوەر دەبێت ئەگەر خودا وپێغەمبەرەکەی دادپەروەر نەبن؟» وپاشان (جارێکی تر) فەرمووی: «ڕەحمەتی خودا لەسەر موسا، لەمە زیاتر ئازار درا بەڵام ئارامگر بوو»، (ئیبن مەسعود) -دەڵێت- ووتم: بەدڵنیاییەوە، جارێکی تر هیچ قسەیەکی تری بۆ ناگێڕمەوە.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عبداللەی کوڕی مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە لە جەنگی حونەیندا -جەنگی تائیف- لە پاش فەتحی مەککە، دەستکەوتێکی زۆریان دەستکەوت لە وشتر وپەز ودرهەم ودینار، وپاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە (جیعرانە) بۆ ماوەیەک مایەوە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی مەککە، لەوێ دەستکەوتەکانی دابەشکرد بە سەر ئەوانەی ئامادەی جەنگەکە بوون، سەد وشتر بەخشی بە هەر یەک لە ئەقرەعی کوڕی حابیس وعویەینەی کوڕی حیصن، وهەندێک بەشی بەخشی بە کەسە ناوبانگەکانی عەرەب بۆ ئەوەی ئیسلام لە لایان خۆشەویست بکات؛ بۆئەوەی ئیسلامێتی ئەوان باشتر بێت وئەوانەی شوێنیان دەکەوتن مسوڵمان بوون، وئەمیش بووە هۆی بەهێز بوون وشکۆدار بوونی ئاینی ئیسلام، بەڵام ئەوانەی ئیمانیان بەهێزە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جێی هێشتن وشتێکی ئەوتۆی پێیان نەبەخشی ئەمیش بەهۆی ئەو ئیمانەی کە هەیان بوو، پاش ئەم دابەشکردنەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە بە هەندێک زۆری بەخشی وبە هەندێکی کەم وبە هەندێکی تری نەبەخشی؛ پیاوێک ووتی: واللە ئەم دابەشکردنە دادپەروەری تێدا ئەنجام نەدراوە ولە پێناو ڕەزامەندی خودا نەبووە. وکاتێک ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- ئەمەی بیست بەخێرایی چوو بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-وپێشتر سوێندی خوارد کە بچێت بۆ لای وپێی بڵێت، وکاتێک قسەکەی بۆی باسکرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- توڕە بوو وڕەنگی دەموچاوی سوور هەڵگەڕا وپاشان فەرمووی: (ئایا کێ دادپەوەر دەبێت ئەگەر خودا وپێغەمبەرەکەی دادپەروەر نەبن؟): ئەمیش بۆ ئینکار کردن لەو قسەیەی دەیڵێت. پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ڕەحمەتی خودا لەسەر موسا، لەمە زیاتر ئازار درا بەڵام ئارامگر بوو). کاتێک ئیبن مەسعود حاڵی پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: پاش ئەمە ئەگەر هەر قسەیەک ببیستم لە قسەی ناڕەوا لە لایەن ئەو کەسانەوە ئەوا بۆ پێغەمبەری باس ناکەم -صلى الله عليه وسلم-؛ چونکە بینی زۆر توڕە بوو، ئەگەر قسەکە زیانی بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئیسلام ومسوڵمانان نەبێت.